# (ترس، ڕووبەڕووبوونەوە، نائومێدی) سێ ڕەهەندی فەلسەفی لە چیرۆکی (دارستان)دا

عەلی مستەفا
(شەقڵاوە)

(تـرس، ڕووبەڕووبوونـەوە، نائومێـدی) سـێ چەمکـی دەروونیـن، لـە هەمـوو بوونەوەرێکـدا هەیـە، بـە تایبەتـی لـە مرۆڤـدا، چونکـە ژیـری لای مـرۆڤ دەبێتـە هـۆی دەرکەوتنـی تـەواوی ڕووداوە هەسـتپێکراوەکان، لەهـەر دۆخێـک و ڕووداوێکـی ژیانـدا مـرۆڤ بـەر هـەر یەکێـک لـە چەمکـە واتاییـەکان دەکەوێـت، مـرۆڤ تـا لـە ژیـان بـەردەوام بێـت، دەترسـێت، نائومێدیـش دەبێـت، بـەڵام دواجـار لـە نەسـتیدا هەسـت بـە ئیرادەیـەک دەکات، ئیـرادە مـەرج نییـە هەمـوو جارەکان بتگەیەنێتـە خاڵـی ئامانـج، بەڵکـوو زۆر جـار، کـە ناگاتـە خاڵـی مەبەسـت، پیشـانت دەدات، کـە ئەمـە جێگـەی ڕەزامەنـدی نییـە، تـرس شـکان نییـە، بەڵکـوو هەسـتکردنە بـە مەترسـی، نائومێـدی خۆبەدەسـتەوەدان نییـە، بەڵکـوو هەسـتکردنە بـە ڕەوشـی نەگونجـاو، لەوەیـە بەهـۆی گونجـان بتوانرێـت هەمـوو ئۆرگانەکانـی ژیـان بـە جوانـی لـە ڕێـڕەوەی خۆیانـدا بـڕۆن.

کاتێـک بـاس لـە مانـەوەی تـرس دەکرێـت، زیاتـر لـە هەسـت و سـۆزە وردەکان دەردەکەوێـت. هەندێـک جـار تایبەتـە بـە کات، تـرس لـە برسـێتی، سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە شـتە سـەرەتاییەکانمان بیردەخاتـەوە، کەواتـە برسـێتی هـۆکاری دروسـتبوونی ترسـە، چونکـە بەدوایـەوە شکسـتی جەسـتەیی و دەروونیـش دروسـت دەبێـت، ئەمانـەش هـۆکارن بـۆ تـرس و دواتـر ڕووبەڕووبوونـەوە.

لـە ڕۆمـان، یـان هـەر دەقێکـی ئەدەبیـدا، زۆرجـار

دەکرێت بۆ پێویستییە جێگیرەکان، وەک خۆشەویستی، تووڕەیی هێمایەک بێت..، لە ئەدەبیاتی هۆلۆکۆستدا باسی مرۆڤایەتی دەکات، کە ناوەڕۆکێکی گرژی هەبووە. نموونەی وەک: دانتی، کە کۆمیدیای ئیلاهی نووسیوە، یارییەکانی برسێتی لە نووسینی سوزان کۆلینز، ئەمانە ناوەڕۆکێکیان هەیە باس لە ژیان و باری کۆمەڵگە دەکەن، لە زۆر شوێندا ترس تاقەتپڕووکێنە، بەڵام ئیرادەی مرۆڤ وایە، هەمیشە هێزێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، ئەمەش هێزێکی خۆنەویستە لە قووڵاییەکانی بوێری ئینسانیانەوە سەردەردەکات.

نەخۆشی و پیربوون، پێوەندییەکی دەروونی هەیە، مرۆڤ لە ترسی مردن نزیک دەکاتەوە، بەڵام ترس جۆرێکە لە نەخۆشی بەردەوام، هەرچەندە وەک چاوەڕوان دەکرێت، نەخۆشییەک بێت کە زۆرترین ترسی لێ بکرێت و بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت. وەک دەبینین تاعوون و سیل دوو جۆری نەخۆشی بوون، بە شێوەیەکی بەربڵاو زەوی گرتەوە، درێژەی هەبوو، تا ئەوکاتەی چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، ئەمەش جۆرێکە لە ترس، پاشان نائومێدی و دواجار ڕووبەڕووبوونەوە، چەند نموونەیەکی نووسین و دەقی ئەدەبی وەک: ئەلبێر کامو، (تاعون)، ئیان مەکئیوان، (کەفارەت)، جۆناسان فرانزێن، (چاکسازییەکان)، ناوەڕۆکێکی هەستیارییان هەیە و باس لە ئازار و کێفەڕاتە دەروونی و کۆمەڵگەییەکان دەکەن.

یەکێک لەو کەمترین گێڕانەوەزانانەی کە لێکۆڵینەوەی لە بنیادنانی ترس لە هونەردا کردووە، (ئیڤۆن لیفلێر)ە، ئیڤۆن بۆ گێڕانەوە پێشنیاری چەندان تەکنیک دەکات کە زۆرجار لە چیرۆکە خەیاڵییە ترسناکەکاندا بەکاردەهێنرێن. ڕێکخستنی لیستی تەکنیکەکانی لیفلێر بۆ چیرۆکی ترس، لە بری ترسناکی، یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی سروشت و بڕی ترس، کە لە کۆمەڵێک گێڕانەوەی جیاوازدا هەیە، لە خوێندنەوەی سووک و



**ئازاد سوبحی**

خەیاڵی ئەدەبییەوە تا ناخەیاڵی. ڕێبازی گێڕانەوە یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی، کە چۆن دەقە ناخەیاڵییەکان، تەکنیکە هاوشێوەکان بەکاردەهێنن، هەندێک جاریش بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە دەقە خەیاڵییەکان. پێویستە باسی (کیڤن) بکەین لە نووسینی (لیۆنێل شریڤەرە - ٢٠٠٣)، نموونەیەکی نایابی ترسی کۆمەڵایەتییە لە چیرۆکی خەیاڵیدا کە شکستە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گەورەن لەو ترسانەی کە هێنراونەتە ئاراوە و ئەو پرسیارانەی لە گێڕانەوەکەدا ورووژێنراون، وەڵامی یەکلاکەرەوەیان لێ ڕەت دەکرێتەوە. دانپێدانانەکانی کانای میناتۆ- ٢٠٠٨، لە فیلمێکی تریلەر نزیکترە، چونکە سەرەڕای ورووژاندنی پرسەکانی شکستی کۆمەڵایەتی، کارەکە وەڵامی یەکلاکەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە کاتی گێڕانەوەکەدا ورووژێنراون، هەرچەندە ژێرزەمینەکەی هاروکی موراکامی، چیرۆکێکی ناخەیاڵییە کە لە چاوپێکەوتنەکانی ڕزگاربووانی هێرشی تیرۆرەوە کۆکراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندی گێڕانەوەی ترسی کۆمەڵایەتی هەیە، وەک پێکهاتەی

پرسیار- وەڵام و جێگیربوونی سەرچاوەی ترس. لەوەش گرنگتر، کارەکانی موراکامی لەنێوان خوێندنەوەی دیاریکردن و پێشبینیکراودا بە یەکەوە دەگۆڕدرێن، هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی ئەو پرسیارانە ناداتەوە کە دەیخاتەڕوو، بەڵکوو ئەو ترسەی کە دەیگەیەنێت لە سروشتی خۆیدا کۆمەڵایەتییە.

(دارستان)، چیرۆکە تەواونەکراوەکەی (ئازاد سوبحی)یە، ئەم دەقە هەڵگری دیدگایەکی فیکری و فەلسەفییە، گومان و ترس بەشێکی ڕاستەقینەی نێو دەقەکەیە، شوێن ئارامگەیەکی جێگیر نییە، مرۆڤ بەرخوردێکی دڵسۆز نییە، پرسیار کەوتووەتە سەر هەموو جووڵەیەکی زەوی، هەموو پێکهاتەکانی دەوروبەر گومانیان لێ دەکرێت و هەڵگری سیمایەکی ئاڵۆز و تەلیسماوین، هەموو ئەو سەرنجانەی کە لەنێو دەقدا دەبینرێن، پرسیارە لە دۆزینەوەی کەسایەتی خود، پێکهاتە و کەرستە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ لەنێو خۆیدا، بەردەوامی لە تێکستەکان، واتە «گەڕانی هەمیشەییە بە دوای خودی خۆتدا، گەڕان لە دوو دوافۆرمی ڕۆحێکی پەی دەرپەیدا، کە ئەمەش مەحاڵ بێت، کەوابێ تێکست گەڕانێکی ئەبەدییە بۆ گوزارشتکردن لەو فۆرمە مەحاڵە! کە ئەو فۆرمە... فۆرمی نارسیسییەتی خودێکی بە دەقکراو نیشان نەداتەوە و تیرۆری کردبێت، یان تیرۆری بکات»[ڕەشی عەولا٢٠٠٨: ٢٢]، نووسەر لە پانتایی دەقدا بە دوای نهێنیدا دەگەڕێت، ئەو نهێنییانەی پانتاییەکی فراوان لە زەین و هۆشی نووسەر داگیر دەکەن، داگیرکردنی بیرکردنەوەکانی نووسەر، وەرچەرخانێکی ئاڵۆزە لە دەستپێکردنەوەیەکی تری بنیادی خودی، هەستکردن بە هەر دیاردەیەکی نامۆ، یان دوور لە سروشتی ڕەفتارە ئاساییەکان، تاک دەباتە نێو ململانێیەکی هەستیارەوە، بۆیە ژیان پڕ دەبێت لە ترس و گومان، ژیلەمۆی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو دیاردە نامۆکان لە بیری نووسەر، یان هەر تاکێکی تر، کە بە گوناهی پیسبوونی دارستان نیگەران بێت، دادەگیرسێت و لە گۆشەیەکی بیرکردنەوەکانیدا توانایی و ڕەوتەکانی ژیانی دەیانخاتەڕوو.

(دارستان)، ئەو ناونیشانە بەشێکە لە سیمبۆلی کۆمەڵگەیەکی لانەواز و لاواز، نووسەر باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات، باس لە توێژە جیاواز و بیرکردنەوە جیاوازەکان دەکات، باسی ناهاوسەنگی دارستانێک دەکات، هەموو هاووڵاتییەک لە ژێر وەهمی ڕاسپاردنی سەرووی خۆیەوە، بە سکی برسی و بوونی هەژموونێکی ترسەوە ستایش دەکات و تەنیا دەڵێتەوە، هیچ بیر ناکاتەوە، بەڵکوو بتوانێت گۆڕانکارییەکی زەینی و ڕەوتێکی دروست لە ژیانی خۆی دروست بکات.

نووسەر لەنێو ئەم چیرۆکەدا دەیەوێت لە ڕێگەی دیمەنە فەلسەفییەکانی ترس و نیگەرانییەوە، خود، دواتر کۆمەڵگە ئازاد بکات، مرۆڤ دەبێت خۆی بناسێت، دواتر دەوروبەر و دواتر ئەوانەی لە ناویدان بیانناسێت، ئەگەر ئەمە نەکرێت، خود چەمکی ئازادی ناناسێت و ناگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت بەرگی تێگەیشتن بپۆشێت و بڕیاری ئازایانە بدات، وەک سپینۆزا دەڵێت: «مرۆڤی ئازاد لە فیکری مەرگ دایە، بەڵام حیکمەتی ئەم مرۆڤە لەوەدا نییە، کە بیر لە مردن دەکاتەوە، بەڵکوو ئەمە بیرکردنەوەیە لە ژیان» [ستیڤین٢٠٢٠]، کەواتە بینینی هەموو دیمەنە نائاساییەکانی دەوروبەر و بیستنی دەنگە نەشازەکان، هۆکارێک نین بۆ ترس و نیگەرانی، بەڵکوو دەربازبوونە لەم دیاردانە، مرۆڤ دەبێت بە هۆیەوە دەربازی ببێت و ژیانێکی تر و شێوازێکی دیکەی ژیان هەڵبژێرێت، سایمۆند دەڵێت: «ئاسان نییە مرۆڤ باش بێت، ئەگەر بیرکردنەوەی جوان نەبێت و جەستەشی تەندروست نەبێت»[سیر جۆن]، لە سۆنگەی قسەی

سایمۆندەوە، ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە، مـرۆڤ دەتوانێت لەنێو ئـازار و ترسـەکانی دەوروبـەرەوە، بگاتـە خاڵـی وەرچەرخـان و دەربازبـوون لـە ئاریشـەکانی ژیـان، ژیـان تەنیـا بریتـی نییـە لـە خـواردن و خواردنـەوە، بەڵکـوو تـەواوی ڕووەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـی و تەندروسـتی و فیکـری.... دەگرێتـەوە، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە دروسـتبوون، یـان بنیـادی دەسـەڵاتداری گـەل و پەیوەسـتەکانی، بـۆ ئـەوەی زەمینەیەکـی هاوسـەنگ و لەبـار بـۆ کایەکانـی کۆمەڵگـە فەراهـەم ببێـت و لەنێویـدا تـاک تاقیکردنـەوەی توانابیـە جیاوازەکانـی خـۆی بـکات.

**ڕەهەندی سێ چەمکەکە لەنێو چیرۆکدا:**

ئـەم چیرۆکـە هەڵگـری چەنـد ڕەمزێکـە، تـرس بەشێکی ڕاستەقینەیە کە وەک ڕەمـز پرسـەکانی نێو کۆمەڵگـە و کاریگەرییەکانـی لـە داهاتووی کۆمەڵگەی کـوردی دیـاری دەکات، ئـەم چەمکـە بـە بەژنـی تاکـی کۆمەڵگـە هەڵدەبڕێـت و تـا دواجـار تـەواوی بـوارەکان و کولتـوور و بیـری مرۆڤەکانیـش داگیـر دەکات، بەمـەش، لەسـەر بنەمـای خودێکـی ترسنۆک، کۆمەڵگەیەکـی ترسنۆک دروست دەبێـت، بۆیـە لەنێو هەمـوو ترسـێکدا لەدایکبـوون و بانگەشـەی ئـازادی سـەخت و ئەسـتەم دەبێـت، دواجـار ئـەم دیاردەیـە سەردەکێشـێت بـۆ نامۆیـی و شـەرم، تـاک ناتوانێـت ئـازاد بێـت، تـا ئـەو بەشـەی بـە نـاوی نامۆیـی لـە گیانـی خـۆی دانەماڵێـت، مارتـن بلوفتـر دەڵێـت: «نامـۆ بـوون بابەتێکـی پێوانەییـە، لەگـەڵ ئـەوەی دەبێتـە مایـەی تـرس، بـەڵام مرۆڤـی کامـەران و بـێ ئـەرک دروسـت دەکات» [سـتێفانیال٢٠١٩]، ئـەوەی لـەم چیرۆکـەدا بـەدی دەکرێـت، کردەیەکـی ئەزموونییـە، وەک ئـەوە وایـە کلێشـە بـۆ ئـەرک و جووڵانـەوەی تاکـی کۆمەڵگـە دیـاری بکرێـت و دواجـار تاکێـک بەرهـەم دەهێنرێـت، هەمیشـە لـە بۆتەیەکـی هێـڵ بۆکێشـراودا، بەرنامەکانـی ژیـان لـە کردەیەکـی دیاریکـراودا ئەزمـوون بـکات، ئەمـەش کێشـانی هێڵێکـی دیاریکراوی سـوورە، کـە هیـچ کەسـێک بـۆی نەبێـت لەمـە پتـر بیـر بکاتـەوە، یـان بـە جۆرێکـی تـر ژیـان تاقـی بکاتـەوە. نووسـەر لـە زاری بگێڕەرەوە لـە لاپـەڕە (٢٩)دا، دەڵێـت:

- ئەم خەڵکانە بۆچی لەسەر شانمانن؟
- لەبەر ئەوەی لە دارستانین.
- بەڵام من لە دارستان نیم.
- ئەوە نییە، دەتەوێ لەنێو گەڵاکان ڕاکشێی؟
- من لە دارستان نیم.
- تۆ ناچاریت بچیت بۆ دارستان.
- بۆچی؟
- چونکە لەگەڵ ئێمەی.

هاوڕێکـەم زۆر ترسـاندمی، ئـەو ڕاسـتی دەکـرد، مـن لەگـەڵ ئـەوان نانـم دەخـوارد، لەگەڵیـان قسـەم دەکـرد، لەگەڵیـان پێدەکەنیـم، لەگەڵیـان چاوەڕێـی مۆڵەتـم دەکـرد، لەگەڵیـان بەنێـو جەسـتەی ڕەشـی شـەودا هاتوچـۆم دەکـرد.

نووسـەر باسـی ژیـان و پێکهاتـە و ژینگـەی مـرۆڤ دەکات، باسـی کـردار و جووڵانـەوەی کۆمەڵگـە دەکات، دارسـتان، بـەو شـوێنە دەگوترێـت کـە پڕیەتـی لـە داری جۆراوجـۆر و قەبـارەی جیـاواز، پڕیەتـی لـە گیانـەوەری جیاواز و ڕەفتـار جیـاواز. نووسـەر کۆمەڵگە و ژینگەکەی لـە ڕەمـزی ڕووداو و گێڕانەوەکانـدا چواندوویەتـی بـە دارسـتان، دارسـتان هێمایـە بـۆ قەرەباڵغـی و سەرکێشـییەکانی مـرۆڤ، نووسـەر نائومێدانـە باسـی تاکـی کۆمەڵگـە دەکات، خـۆی بـە بەشـێک لـەم کۆمەڵگەیـە نازانێـت، بـەڵام لـە ئاکامـی ئـەو دیالۆگـەی کـە لەنێـوان کارەکتەرەکانـدا هەیـە، هیـچ کەسـێک لـە بازنـەی ڕووداوەکان و دیمەنەکانـی ئـەم دارسـتانە تـەری و بێبـەش نییـە لـەو ئاکامانـەی هـەن، یـان لـە ئاییندە ڕوودەدەن.

نووسەر ترس و نائومێدی دەکاتە پرسێکی واقیعی و دەیانخاتە تای بیرکرنەوەوە، بۆ ئەوەی لە سۆنگەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ڕووداوەکان و دیمەنە جیاوازەکان، ئەزموون ببێتە بابەتێکی زانستی، ڕووبەڕووبوونەوە وەک بابەتێکی فیکری لە گیان و خووی تاکەکانی کۆمەڵگە دروست ببێت، بەمەش هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە دەروونی خود دروست دەبێت، چونکە بارێکی هاوسەنگ لە نێوان شەڕ و ئاشتی جێگەی خۆی دەگرێت. لە لاپەڕە (٣٨)دا هاتووە:

من هەرگیز ناتوانم مردوو لە زیندوو جیا بکەمەوە، تاریکی لە ڕۆشنایی جیا بکەمەوە، تەنانەت ئەگەر کۆرپەیەکی بێ هەست و سۆز لە باوەشی دایکیدا ببینم بگەشێتەوە و بە خەندەی ساکار و ڕوخسارە ئاوییەکەی شەپۆل بدات، یەکسەر بیر لە مەرگی ئەو ساوایە دەکەمەوە، بیر لەو ساتە دەکەمەوە، کە لەنێوان دوو کێلی بەردین جێ دەمێنێ بێ ئەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە نێو زیندووان. من زۆر دڵم تەنگە، کە هەردەم بیر لە کۆتایی و نەمانی شتەکان دەکەمەوە، چونکە ئەمە وام لێ دەکات زیاتر هەست بە ترس و قورسایی لاشەکانی سەریشم بکەم، بەڵام ناشتوانم لەو باوەڕە ژەهراوییە دەرباز بم، کە هەموو شتەکان، هەموو بوونەوەرەکان لە تاریکییەوە دێن و بۆ تاریکی دەڕۆن، لەنێوان ئەو دوو تاریکییە خاڵێکی ڕووناک هەیە، هەموو تەمەن لە ژێریدا دەژین، پاشان جێی دەهێڵن و بەرەو تاریکییەکی کراوە دەڕۆن.

کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، خۆی بەلای خراپە و بەلای چاکەشدا دەڕوات، کەواتە مرۆڤ سەر بە ئۆرگانێکە، لەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکی بڕیار لێ دراودا، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک باوەڕی فیکری کارگێڕی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرهەم هاتووە، ئەوجا بەڕێوەبردنەکە باش بێت، یان خراپ، ئەوە کۆمەڵگە دەبێتە گەردیلەیەک لەنێو ئەم بازنەیەدا، ڕاستییەکەی مرۆڤ ئەگەر ڕێگە بدات «خۆی و بوونی بخرێتە ناو نەخشەیەکی ئۆرگانییەوە، یان سیستمێکی فیکری ئەقڵانییەوە، ئەوە لە بەهای بوونی مرۆیی خۆی دەهێنێتە خوارەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ کاتێ بوونی خۆی وەدی دەهێنێت کە وەکوو بوونێکی مرۆیی هەبێت و وا دەردەکەوێت کە کەسێکی دانسقەیە و سەرسەختانە ئەوە ڕەت دەکاتەوە، بخرێتە ناو سیستمێکەوە»[ماتواری٢٠١٩: ١١١]، لە سۆنگەی ئەم تێگەیشتنەوە، ئازاد سوبحی باس لە گەردەکانی مرۆڤ دەکات، ئاماژە دەخاتە سەر مەترسییەکانی ژینگە و ئاستی جیاوازی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، پێیوایە ئەو ڕژێمەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، تایبەتتر کۆمەڵگەی کوردی هەیە، جۆرێکە لە مەرگ و دۆخێکی نائارام و ناهاوسەنگ، چونکە هەست بە هیچ ئومێدێک ناکرێت، هەست بە مەرگی تەواوی بابەت و پرسە ڕەوشتییەکان دەکات، مرۆڤی ئازاد، ئازاد لە فیکر و بیرکردنەوە، منداڵ، منداڵی تەندروست لە نەژاد و چینی جیاواز، ژیان، ژیانی کۆمەڵایەتی تەواوی لایەنە ئایدیۆلۆژییەکان....، نووسەر پێیوایە دەبێ ڕووبەڕووی هەموو ئەو ڕێگایانە ببینەوە کە دەبنە مایەی تێکدان و شڵەژانی جۆرایەتی و بەربەستێکن لەبەردەم بیرکردنەوەی تاکی ئازا و ئازاد، دواجار دەبینێت دروستی تەواوی شتەکان قەترانی بووە، ترس دای دەگرێت و مەرگ و ڕووبەڕووبوونەوە دوو بژاردەن، بەڵام ئەم دوو چەمکە لەوەتەی ژیان هەیە، لە ململانێ دان، تا بیرکردنەوەی مرۆڤیش قووڵتر بێتەوە، ڕەگی ئەم دوو چەمکەش زیاتر بە قووڵاییەکانی فیکر و فەلسەفەدا دەچێت، ئەمانە دەبنە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتە واتاییەکانی تاک و دواتر کۆمەڵگە، چونکە بۆشاییەکانی ئاسمان و زەویش تا دێت قەرەباڵغتر و ئاڵۆزتر دەبێت، بەم

هۆیەشەوە لێکدانەوەکان زیاتر و وردتر دەبن.

سوبحی دەڵێت: ( لەنێوان ئەو دوو تاریکییە خاڵێکی ڕووناک هەیە، هەموو تەمەن لە ژێریدا دەژین، پاشان جێی دەهێڵن و بەرەو تاریکییەکی کراوە دەڕۆن)، نووسەر لەنێو هەموو ئاڕیشەکان و تمۆخی تاریکییەکاندا، هەست بە ڕووناکییەک دەکات، ئەم ڕووناکییە ئومێدێکە مرۆڤ بۆ دنیایەکی تر، گەردانکردنی تاریکییەکی تر دەگوازێتەوە، ئەمەش تیشک خستنێکی جەوهەرییە بۆ سەر دوا مۆڵگەی مرۆڤ و دەربازبوونی لە چەپۆکی ڕژێمێکی بارگران، ئاماژەیەکە بۆ خستنەڕووی ئەو حەقیقەتەی پێی دەگوترێت دوا بزربوونی گیانی مرۆڤ لە تاریکییەکی تردا، مردن، ڕەمزی ئەو مەغزایەیە کە نووسەر بە چاوی ئومێدەوە بۆی دەڕوانێت.

بەرئەنجامی خوێندنەوە، بۆ ئەم چیرۆکە درێژ و تەواو نەکراوە، گەیشتنە بە زۆر ئازار و خولیای نهێنی کە وەک بەشێکی گرنگ و پێویستییەکی مرۆیی باسی لێوەکراوە، بەڵام ئەنجام دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، ڕوانینی هیچ ڕژێمێک بەشێوەیەکی ڕەها لە خزمەتی هاووڵاتیبوونی تاک و دواتر کۆمەڵگەکەیدا نییە، بۆیە دەبینین لە چیرۆکی (دارستان)، کە وەک ڕەمزێک بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و تایبەتتر بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەرکار خراوە، چەمکەکانی ترس و نائومێدی و ڕووبەڕووبوونەوە، بە دیار چەندان دیمەنی ژیان و پێوەندییە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان، هەڵوێست و ڕوانگەکان...، بەشێوەیەکی فیکری و بابەتییانە خراوەتەڕوو، دواجار چەمکی مردن دەبێتە باشترین ڕووبەڕووبونەوە و دەربازبوون لە تەنگەتاوییەکان، لە کاتێکدا مردن کردنەوەی دەرگای پانتاییەکی تری تاریکییە بەڕووی مرۆڤی عەقڵانی و هۆشیار، چونکە ئەم زەمینەیە ئاوابوون و کپ بوونی دەنگی ئازا و کاریگەرە بۆ سەر کۆی ڕوانینەکان لە ڕژێمە جیاوازەکاندا.

**سەرچاوەکان:**


١ - ڕەشی عەولا، ئەنوەر، ٢٠٠٨، خود... نووسینەوە - دیدار و وتار، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

2-https://press.princeton.edu/ideas/spinozas-guide-to-life-and-death, 0Spinozas guide to life and death, By Steven Nadler October 01, 202

3-http://www.authorama.com/pleasures-of-life-17.html The Pleasures of Life, By Sir John Lubbock, CHAPTER III. HEALTH

4-https://stephanie-green.com/2019/04/09/priests-speech-fleabag/ The Priests Speech in Fleabag, STEPHANIELOUISEGREE, APR 9, 2019 , 3 COMMENTS

٥ - ماتواری، جۆن٢٠١٩، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودییەت)، وەرگێڕان: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

٦ - سوبحی، ئازاد، ٢٠٢١، دارستان، چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کوردراوم، چاپ: یەکەم، چاپخانە: کارۆ.